Washington State Department of Social & Health Services
Transforming lives

# ئاگانامەی DSHS لەبارەی پراکتیزەکانی تایبەتمەندێتی زانیاری پزیشکی بەکارهێنەر (کلایەنت)

## DSHS Notice of Privacy Practices for Client Medical Information

**کارایە لە 23 ئەیلول 2013**

پێویستە DSHS ئاگادارت بکاتەوە لەبارەی مافەکانی تایبەتمەندێتی سەبارەت بە یاسای لێپرسینەوە و گواستنەوەی زانیاری تەندروستی (HIPAA). (45 CFR 164.520). DSHS "دامەزراوەیەکی تێکەڵاوە." هەموو بەشەکانی DSHS لەلایەن HIPAA ڕووماڵ نەکراون، تەنیا ئەو بەرنامانەی لە لیستی پێکهاتەکانی چاودێری تەندروستی لە وێبسایتی DSHS دانراون لەلایەن HIPAA ڕووماڵ کراون. ئەم ئاگانامەیە تەنیا بەسەر ئەو بەکارهێنەرانە جێبەجێ دەبێت کە لەلایەن ئەم بەرنامە ڕووماڵ کراوانە خزمەت دەکرێن. ئەم ئاگانامەیە کاریگەری ناکاتە سەر شایستەبوونت بۆ خزمەتگوزارییەکانی DSHS.

**ئەم ئاگانامەیە باسی ئەوەدەکات کە چۆن زانیاری پزیشکی دەربارەی تۆ دەکرێ بەکاربهێندرێت و ئاشکرا بکرێن وە چۆن دەتوانی ئەم زانیارییە بەدەست بهێنیت. تکایە بەوردی ئەمە بخوێنەوە.**

**PHI چییە؟**

زانیاری پزیشکی پارێزراو (PHI) بریتیە لە زانیاری پزیشکی بەکارهێنەر (کلایەنت) کە لەلایەن بەشەکانی DSHS هەڵگیراون و لەلایەن HIPAA ڕووماڵ کراون. PHI بریتیە لە زانیاری پزیشکی کە پەیوەندی بە تۆوە هەیە و لەبارەی ئەمانەیە وەکو حاڵەت و بارودۆخی تەندروستی، چاودێری تەندروستی وەرگیراو، یان پارەدانی تایبەت بە چاودێری تەندروستیت. پێویستە DSHS کە PHI ی تۆ بەگوێرەی یاسا بپارێزێت.

**ئایا DSHS چ جۆرێکی PHI هەیە لەبارەی من؟**

بۆ یارمەتیدانمان لە خزمەتکردنت، دەکرێ پێویست بێت زانیاری تەندروستی یان پزیشکی خۆتمان پێ بدەیت، لەوانە شوێنت، زانیاری دارایی یان تۆمارە پزیشکییەکان. هەروەها دەکرێ PHI دەربارەی تۆ وەربگرین لە سەرچاوەکانی تر کە پێویستە خزمەتت بکەن یان تێچووی چاودێری کردنت بدەن.

**کێ PHI من دەبینێت؟**

ئێمە تەنیا بچوکترین بڕی PHI دەبینین کە پێویستمانە بۆ ئەنجامدانی کارەکانمان. دەکرێ هاوبەشی بە PHI بکەین لەگەڵ بەرنامە یان کەسانی تر ئەگەر بە یاسا ڕێگەپێدراو بێت یان لەلایەن تۆوە ڕێگەمان پێ بدرێت. بۆ نمونە، دەکرێ PHI تۆ بدرێت بە دەسەڵاتدارانی چاودێری تەندروستی و دابینکارانی چاودێری تەندروستی تر و لەلایەن ئەوانەوە بەکاربهێندرێن بۆ مەبەستی هەماهەنگی و خەرجکردنی پارەی چاودێری تەندروستی تۆ. دەکرێ هاوبەشی بکەین بە PHI ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو.

**ئایا DSHS چ جۆرێکی PHI هاوبەشی پێ دەکات؟**

ئێمە تەنیا ئەو جۆرەی PHI هاوبەشی پێ دەکەین بۆ کەسانی تر کە پێویستیانە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان و لەلایەن یاساش ڕێگەپێدراوە. دەکرێ داوای لیستی ئەوانە بکەیت کە PHI تۆیان بینیوە بۆ هەندێک مەبەست.

**کەی DSHS هاوبەشی بە PHI من دەکات؟**

ئێمە هاوبەشی دەکەین بە PHI "لەسەربنەمای پێویستی زانین" بۆ خزمەتگوزارییەکانی هەماهەنگی بۆ چارەسەرکردن، پارەدان، و کردارەکانی چاودێری تەندروستی. بۆ نمونە، دەکرێ هاوبەشی بە زانیاری بکەین بۆ بڕیاردان ئەگەر:

- ئەگەر پێویست بێت چارەسەری پزیشکی دابین بکرێت.
- دەتوانین بڕەپارەی خزمەتگوزارییەکان بدەین لەڕێگەی دابینکارانی چاودێری تەندروستی.
- تۆ شایستەبیت بۆ بەرنامەکانی DSHS.
- ئەو چاودێرییەی لە دابینکاران وەریدەگریت پەیڕەوی لە پێوانە یاساییەکان دەکات.

**ئایا دەتوانم PHI خۆم ببینم؟**

دەتوانی PHI خۆت ببینیت. ئەگەر داوای بکەیت، ئەوا کۆپییەکی PHI خۆت پێ دەدرێت. دەکرێ DSHS تێچووی ئەو کۆپییانە وەربگرێت.

**ئایا دەتوانم PHI خۆم بگۆڕم؟**

ئەگەر بڕوات وایە کە PHI تۆ هەڵەیە، دەتوانی داوامان لێ بکەیت کە PHI خۆت بگۆڕیت یان دانەیەکی نوێ دابنێیت. تۆ هەروەها دەتوانی داوای ئەوەبکەیت کە گۆڕانکارییەکان بۆ کەسانی تریش بنێرین کە کۆپی PHI تۆیان لایە.

**ئەی چی ڕوودەدات ئەگەر کەسێکی تر پێویستی بە PHI من هەبێت؟**

دەکرێ داوات لێ بکرێت کە فۆرمێک واژۆ بکەیت تا ڕێگەمان پێ بدەیت بە هاوبەشی پێکردنی PHI ئەگەر:

- پێویستیمان بە ڕێگەپێدانی تۆ هەبێت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری یان چاودێری؛
- لە ئێمەت بوێت کە PHI تۆ بنێرین بۆ ئاژانس یان دابینکارێکی تر بۆ ئەو هۆکارانەی کە لەلایەن یاسا ڕێگەی پێ نەدراوە بەبێ ڕەزامەندی تۆ؛
- دەتەوێ PHI خۆت بنێردرێت بۆ کەسێکی تر، وەکو پارێزەرەکەت، خزمێک یان نوێنەرێکی تر.

کار بە ڕێگەپێدانی تۆ لەبارەی هاوبەشی پێکردنی PHI دەکرێت تاوەکو بەرواری کۆتایی کە خۆت لەسەر فۆرمەکە دەینوسیت. ئێمە تەنیا دەتوانین هاوبەشی بەو بەشەی PHI بکەین کە لە لیستەکەدا دەینووسیت. دەتوانی ئەو ڕێگەپێدانە هەڵبوەشێنیتەوە یان بیگۆڕیت بە داواکاری نووسراو بۆ DSHS.

**ئاگانامەی DSHS لەبارەی پراکتیزەکانی تایبەتمەندێتی لەبارەی زانیاری پزیشکی بەکارهێنەر (کلایەنت)**
کارایە لە 23 ئەیلول 2013

**ئایا DSHS دەتوانێ بەبێ ڕەزامەندی من هاوبەشی بە PHI بکات؟**

DSHS دەتوانێ لە هەندێک حاڵەتدا هاوبەشی بە PHI تۆ بکات بەبێ ڕەزامەندی تۆ. بەگوێرەی یاسا، دەکرێ پێویست بێت یان ڕێگەمان پێ بدرێت کە هاوبەشی بە PHI تۆ بکەین. هەندێک نمونە پێویستی ئەمانە دەگرێتەوە وەکو:

- ڕاپۆرتدان لەبارەی سوکایەتی کردن بە منداڵ یان کەسانی تەمەن گەورە یان فەرامۆش کردنی خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی منداڵ، پۆلیس یان ئاژانسەکانی تر.
- دابینکردنی تۆمارەکان بەپێی فەرمانی دادگا.
- پێدانی PHI بە ئاژانسەکانی تر کە پێداچوونەوە بە کارەکانی DSHS دەکەن.
- هاوبەشی پێکردنی PHI لەگەڵ ئاژانسەکانی تر کە هەڵدەستن بە کاری مۆڵەت پێدان و پشکنینی دامەزراوە پزیشکییەکان، وەکو ماڵەکانی پەرستاری و نەخۆشخانەکان.
- هاوبەشی پێکردنی PHI لەگەڵ دابینکارانی خزمەتگوزاری و ئاژانسەکانی تر بۆ چاودێری کردنت یان بەوشێوەیەی کە پێویستە بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا تۆ شایستەیت بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکان و دەستگیرۆییەکان.
- پێدانی PHI بە سەرپەرشتیکاران (بەخێوکاران) یان بە باوانی منداڵان.
- بەکارهێنانی PHI بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە.
- بەکارهێنان یان ئاشکراکردنی PHI لە حاڵەتی فریاگوزاری یان بۆ مەبەستەکانی نەهێشتنی کارسات.

**ئایا دەتوانم سنوور دابنێم لەسەر هاوبەشی کردنی PHI خۆم و چۆنییەتی بەدەستهێنانی؟**

دەتوانی داوامان لێ بکەیت کە سنوور بۆ بەکارهێنان و هاوبەشی پێکردنی PHI خۆت دابنێین، بەڵام دەکرێ ئێمە ڕەزامەند نەبین. تۆ هەروەها دەتوانی داوامان لێ بکەیت کە PHI خۆتت بۆ بنێرین بە شێوەی جیاواز یان بۆ شوێنێکی جیاواز.

**پێشێلکاری (سەرپێچی) چییە؟**

پێشێلکاری بریتیە کە بەکارهێنان یان ئاشکراکردنی PHI تۆ کە ڕێگەی پێ نەدرابێت بەگوێرەی HIPAA، لەدەستدانی بەهۆی دزییەوە، بە هەڵە یان هاک کردن. ئێمە بە پۆستە ئاگادارت دەکەینەوە ئەگەر پێشێلکارییەک بۆ سەر PHI تۆ هەبێت، ئەمیش بەگوێرەی HIPAA.

**ئایا دەتوانم کۆپییەکی ئەم ئاگانامەیەم هەبێت؟**

بەڵێ. ئەم ئاگانامەیە هی خۆتە و بیپارێزە. ئەگەر ئەم ئاگانامەیەت بەشێوەی ئەلکترۆنی بەدەست گەیشتووە، دەتوانی داوای کۆپییەکی پەڕاوی بکەیت و ئێمەش دانەیەکت پێ دەدەین.

**ئەی چی ڕوودەدات ئەگەر پراکتیزەکانی تایبەتمەندێتی گۆڕانکاری بەسەردا هات؟**

ئێمە داوامان لێ کراوە کە پابەند بین بەم ئاگانامەیە. ئێمە مافی ئەوەمان هەیە کە ئەم ئاگانامەیە بگۆڕین. ئەگەر یاساکە یان پراکتیزەکانی تایبەتمەندێتی ئێمە گۆڕانکاری بەسەردا هات، ئەوا زانیاریت بۆ دەنێرین لەبارەی ئاگانامە نوێیەکە و لەکوێ دەتوانی بیدۆزیتەوە یان بۆتی دەنێرین.

**پەیوەندی بە کێ بکەم ئەگەر پرسارم هەبوو لەبارەی ئەم ئاگانامەیە یان لەبارەی مافەکانی PHI؟**

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە دەربارەی ئەم ئاگانامەیە، دەتوانی پەیوەندی بکەیت بە کارمەندی تایبەتمەندێتی DSHS لەڕێگەی DSHSPrivacyOfficer@dshs.wa.gov یان 902-8278 (360).

**چۆن دەتوانم ڕاپۆرت بدەم لەبارەی پێشێلکاری لەسەر مافەکانی تایبەتمەندێتی PHI خۆم؟**

ئەگەر بڕوات وایە کە پێشێلکاری کراوە بۆ سەر مافەکانی تایبەتمەندێتی PHI تۆ، دەتوانی سکاڵا پێشکەش بکەیت لەلای:

کارمەندی تایبەتمەندێتی DSHS، فەرمانگەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان
PO Box 45135, Olympia WA 98504-5135 یان لەڕێگەی ئیمەیل بۆ ئەم لینکە
DSHSPrivacyOfficer@dshs.wa.gov. ئەگەر سکاڵایەک پێشکەش بکەیت، DSHSخزمەتگوزاری تۆ ناگۆڕێت و نایوەستێنێت و نابێت تۆڵە لە دژی تۆ بکاتەوە.

**یان**

سکاڵاکەت بەشێوەی ئۆنلاین پێشکەش بکە لە:
https://ocrportal.hhs.gov/ocr/cp/complaint_frontpage.jsf یان بە نووسین بۆلای: نوسینگەی مافە مەدەنییەکان، فەرمانگەی US بۆ خزمەتگوزارییە مرۆیی و تەندروستییەکان، 200 Independence Avenue,
S.W., Room 509F HHH Bldg., Washington, D.C. 20201 تەلەفۆن
368-1019 (800). هەموو سکاڵاکان بۆلای DHHS پێویستە لەماوەی 180 ڕۆژدا ڕایی بکرێن لە وادەی ڕاگەیاندنی بوونی پێشێلکاری بۆسەر تایبەتمەندێتی.

ئاگانامەی DSHS بۆ پراکتیزەکانی تایبەتمەندێتی بۆ زانیاری نهێنی
کارایە لە 23 ئەیلول 2013

Washington State Department of Social & Health Services
Transforming lives

# دانپێدانان

## Acknowledgement

(پێویستە کاتێک DSHS چارەسەری چاودێری تەندروستی ڕاستەوخۆ دابین دەکات)

| ناوی بەکارهێنەر (کلایەنت) | بەرواری لەدایکبوونی بەکارهێنەر (کلایەنت) |
|---|---|
| | |

**من کۆپییەکی ئاگانامەی تایبەتمەندێتی DSHS م بەدەست گەیشتووە و دەرفەتم هەبووە کە پرسیار بکەم دەربارەی چۆنییەتی بەکارهێنان و هاوبەشی کردنی زانیاری تەندروستی کەسیم لەلایەن DSHS.**

| واژۆی بەکارهێنەر (کلایەنت) یان نوێنەری کەسی | بەروار |
|---|---|
| | |

**(بەکاردێت تەنیا لەلایەن DSHS) FOR DSHS USE ONLY**

**To be completed if unable to obtain signature of client or personal representative.**

Describe efforts made to have the client acknowledge receipt of the Notice of Privacy Practices (NPP):

Describe reason why acknowledgement was not obtained:

| STAFF MEMBER'S NAME AND TITLE (PLEASE PRINT) | ADMINISTRATION/DIVISION |
|---|---|
| | |

| STAFF'S SIGNATURE | DATE |
|---|---|
| | |